# بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ و ئاییندەیەکی بێ بەرنامە !!

هوشیار عوسمان



کێ هەیە نکولی لەوە بکات ژیانی مرۆڤەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ وەک یەک وایە ، پێشکەوتنی زانست و بەرهەم هێنانی ئامێرە جۆر بەجۆرەکان هەموو شێوازێکی ژیانی لە بنەڕەتەوە گۆڕیوەو ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر دەبێت . کەواتە دەبێت ئێمەش ڕەچاوی ئەم ئاڵ و گۆڕە بکەین و لە کارەکانماندا نەخشەو پلان و بەرنامەمان هەبێت ، ئەگینا دەبینە داردەستی ئەوانەی بۆ خۆیان کار دەکەن و ئێمەش دەکەنە کەرەستەی گەیشتن بە خواست و ئارەزووەکانیان و بە دوور دەبین لە هەموو بەهاو نرخێکی مرۆڤایەتی ، هەڵەی ئەم کارەساتەش تەنها خۆمان بەرپرسیارین و ڕەوانییە بیخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو..ئەوەی من لێرەدا مەبەستمەو دەیخەمە بەر دیدی بەر پرسان سوژەی بەرنامەیەکی تەلەفزیونی کاناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤی یە بە ناوی ( **بێ کۆنترۆڵ**) کە لە ئەوروپاوە ئامادە دەکرێت و لەو کاناڵەدا پەخش دەبێتەوە .
پرسیارم ئەوەیە ئەم بەرنامەیە بیرۆکەی کێ یە ؟ و مەبەست لە بڵاو کردنەوەی بۆ چی یە؟؟ ئایا ئەوانەی خۆیان بە ئامادەکار دەزانن لە سەر چ بنەمایەکی زانستی ،هونەری، ڕۆشنبیری ، کولتووری ، سەرگەرمی و کۆمیدی گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە کە بۆ ئەمڕۆ بەرنامەی وا پێویستە و لەو بەرگەدا پیشانی بینەران بدرێت ؟؟!! دەسکەوت و بەرهەمەکەی لە کوێدایە؟؟
لەلایەکی ترەوە ئایا لە دەزگای سەتەلایتی کوردستان تی ڤی ستاڤێک و ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بوونی هەیە و لە بارەی ئەم بەرنامەوە ڕاو بۆ چوونیان بە چ شێوەیەکە ؟ کە ئاوا ئەڵقە لە دوای ئەڵقە بڵاو دەبێتەوە!!.و کاریگەرییەکەی لە چیدا دەبینن؟؟
کاناڵی ناوبراو زۆر لەوە پیرۆزترو بەرزترە کە کاتەکانی خۆی بە بەرنامەی لاوازو دوور لە واقعییەتی ئەمڕۆ ی کورد پڕ بکاتەوە ، ئەو کاناڵەماڵی هەموو کوردێکی ڕەسەنە کە دڵی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی لێ دەدات ، چاوی ڕاستەقینەیە بۆ نیشاندانی خۆشی و ناخۆشی یەکانمان و دەبێت لە دارشتن و پیادەکردنی هەموو بەرنامەکاندا خەڵکانی خاوەن ئەزموون و دڵسۆز و پسپۆڕ لە ئەنجومەنێکدا ڕۆڵیان هەبێت و لە هەموو گۆشەیەکی زانستی و هونەری و میللی وکۆمەلایەتی و دەروونناسی و ...کارەکان شەن و کەو بکەن و ئینجا بڕیاری بڵاو کردنەوەی بدەن ، نەک وەک ئەوەی ئێستا لە بەر حەزو ئارەزووی شەخسی و دوور لە هەموو یاساو ڕێسایەکی کوردانەو هەر کەسێک ویستی بەرنامەیەک دروست بکات و لەو شاشەوە بڵاوی بکاتەوە . ئەم کارانە سەرەنجامی مەترسیدارە و تاوانە بە داهاتووی ئەو میللەتەی کە دوای کۆقەبرو ئەنفال و کیمیاباران و کارەساتە مەرگ بارەکان ئەمڕۆی دروست کردو لە سایەی پەرلەمان و ئیدارەی کوردی داو لە کەناڵی کوردستان تی ڤییەوە بەرنامەی وا دروست بکرێت و پیشانی جەماوەر بدرێت . ئاخۆ لە ناو جەرگەی ئەورووپا و ئەڵمانیا دا بەرێوەبەرانی ستۆدیۆی کوردستان تی ڤی لەم بەرنامەیە سەرگەرمی ترو زیاتر، هیچی دیکەیان لە هەگبەدا پێ نی یە کە بڵاوی بکەنەوە یان هۆکاری تری لە پشتە؟؟؟!!!...هەر کامێکیان بێت گرنگ ئەوەیە چاوێک بە کارەکاندا بخشێتەوە و زەرەر لە نیوەیدا بگەڕێتەوە هەر قازانجە..

hushyarosman@yahoo.de